گوتاری پیاوانی ئایینی

تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر

♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی دووەم

(دەمەوێت ئەم جارە وەڵامی من بۆ مەلاکانی (یەکێتیی زانایان) یەکجاری و کۆتاییهێنەر بێت.. بۆیە لە چەند لایەکەوە لەسەر بابەتەکان دەدوێم.. یان بڵێین چەند توێژینەوەیەك دەکەم.. سەرەتا بەشێك تەرخان دەکەم بۆ بەڵگەسازی و (توثیق) واتە متمانەدارکردنی هەندێك لە زانیاریەکان (ی نوسینی پێشو) بە سەرچاوە. لە بەشێکی تردا بەسەر قسەوقسەڵۆك و بڕوبیانوو لاوازەکانی وەڵامنامەکەیاندا دەچمەوە و وەڵامی ڕاستەوخۆ لەسەر گەلێك لە تەوەرەکان دادەنێم. هەندێك تەوەری گرنگیش هەڵ دەگرم بۆ باس‌وخواسی تایبەتی، بۆیە بەشێکی تر تەرخان دەکەم بۆ باسی هەندێك لە (کەسێتیە ئیسلامیەکان) و کاروکردەوەکانیان، بەشێکی تریش تەرخان دەکەم بۆ باسی (فتوحاتی ئیسلامی) و مامەڵەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕابردودا لەگەڵ کەمایەتیە ئایینیەکاندا، بەشێکی تریش تەرخان دەکەم بۆ باسی سەنەدی (ئیجازەنامەی عیلمی) ی مەلاکان کە بە ڕەخنەسازیی مێژویی و بەپێی خودی سەرچاوە ئیسلامیەکان دەیسەلمێنم سەلکە تورێك ناهێنێت!! ئەگەر عومریش باقی بێت و نەبینە قوربانیی فەتوایەك(!) بەشێکی تریش تەرخان دەکەین بۆ (ڕەخنەگرتن لە قورئان).

من هەموو جارێك کە دەنوسم چاوەڕوانیی ڕەخنەگرێك ناکەم کە ئاگادار و شارەزا نەبێت، چونکە ئەو بەدواداچون و وردەکاریەی خۆم دەیکەم لەبەرامبەریشی چاوەڕوان دەکەم (وەکو ئەوەی مرۆڤی دڵپاك هەر چاوەڕێی دڵپاکی لە مرۆڤەکانی تر دەکات).. بەڵام داخەکەم هەموو جارێك توشم دەبێت بە توشی ڕەخنەگرێکی بێئاگا و بێزانیاریەوە کە تەنها (بیروباوەر) یك دەیبزوێنێت و فوی تێ دەکات و تەنها کۆیلە و ملکەچی ئەو بیروباوەڕەیە و هیچی تر، ئیتر فڕی بەسەر توێژینەوەی زانستی و بەڵگە و بەڵگەکاریی زانستیەوە نیە. بۆیە ئەو زانیاریانەش کە من دەیانهێنم ئەگەر لە بەرژەوەندیی ئەو بیروباوەڕەدا نەبون نکولییان لێ دەکات و دیارە لە بنەڕەتیشدا هەر ئاگای لێیان نیە، چونکە ئەگەر بەئاگا بوایە لەبنەڕەتەوە ملکەچ و کۆیلەی ئەو بیروباوەڕە نەدەبو. داخەکەم! من بەختم بە ڕەخنەگرێ شارەزا نیە! ئەگەر کەسێکی شارەزا هەیە و بە زانست و بەڵگە قسە دەکات و من بە هەڵە دەزانێت، تکایە با بێتە مەیدان!

بەڵگەسازی و سەرچاوەکاری

بەڕاستی من کاتێك لە نوسینی پێشودا (پیاوانی ئایینی لەنێوان کاری زانستی و دادگاییکردنی نوسەراندا) ئاماژەم بۆ هەندێك ڕوداوی مێژوی یەکەمی ئیسلام و کاروکردەوەی هەندێك کەسێتیی ئیسلامیی یەکەم کرد، وام دەزانی ئەم مەلایانە ئەو بابەتانە دەزانن و ئاگاییان لێیان هەیە.. دەمزانی کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵك و جەماوەر ئاگاییان لێیان نیە چونکە مەلاکان هەرگیز شتی وایان بۆ باس نەکردون، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانیم نەدەکرد ئەوە بو کۆمەڵێك بە خۆیان بڵێن مەلا و ئاگاییان لە ـ بۆ نمونە ـ چیرۆکی (عورەینەییەکان) نەبێت و نکولیی لێ بکەن و تەحەددیی منیش بکەن کە بتوانم یەك (تەنها یەك!) سەرچاوەی ئیسلامی بهێنمەوە لەسەری!! لە هەموی سەیرتر ئەوەیە ئەم مەلایانە هیچ نەبێت وەکو پێشتر چیرۆکی (عورەینەییەکان) یان نەبیستوە نەیشچون پرسیار بکەن یان کتێب بگەڕێن یان لە هەموی ئاسانتر بە دەستەواژەی (العرنیون) یان (العرنیین) لە ئینتەرنێتدا (بەتایبەتی گوگڵ) سێرچ (گەڕان) یك بکەن، کە لە گوگڵدا بۆ ئەو دو دەستەواژەیە نزیکەی (٤٠١٩) ئەنجام دەهێنێت بۆ ئەو گەڕانە! واتە گوگڵ (٤٠١٩) لاپەڕەی ئینتەرنێت دەدۆزێتەوە کە یەکێك لەو دو دەستەواژەیەی تێدا هاتبێت!

ئەوان دەڵێن: "تۆ لە خوێندنگەی ئایینی و لە مەلاکان فێر بویت".. بەڵام دڵنیا بن کە ئەگەر ئەوەی دەیزانم ئەوە بێت کە لەو خوێندنگە ئایینیە هەژاردا فێری بوم هەر دەقاودەق وەکو ئێوە ئەوقافیەکان دەبوم: بۆ نمونە ئەو کاتە وەکو ئێوە ئاگام لە مەسەلەی (عورەینەییەکان) (العرنیون) نەدەبو.. کە ئێستە زۆربەی هەرەزۆری مەلاکان و ئیسلامیەکان نایزانن، چونکە لە ناوەندە ئایینیەکاندا دەگەمەن نەبێت باس ناکرێت و سەری دەنرێتەوە و بەردێکی قورسیشی دەخرێتە سەر! ئەوەتا ئێوە (یەکێتیی زانایان)(!) نایزانن.. ئەمەش لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لاپەڕەیەکی پرشنگداری ژیانی پێغەمبەر نیە و موسوڵمان ئیحراج دەکات و توشی گومان و شۆکی دەکات.. موسوڵمان وێنەیەکی میهرەبانانەی دەرباری پێغەمبەرەکەی لای خۆی دروست کردوە کە ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی ئەو پێغەمبەرە فەرمانی دابێت بە بڕینی لاق و دەستی کۆمەڵێك مرۆڤ و هەڵکۆڵینی چاویان بە ئاسنی گەرم، پاشان فڕێدانیان لەبەر خۆردا و مەنعکردنی ئاو لێیان (بریندار یەکەم شت داوای ئاو دەکات) هەتا دەمرن.. لە کاتێکدا هیچ کتێبێکی (حەدیس) یان (تەفسیر) یان (ئەسباب نوزول) یان (سیرە) یان (مێژوی ئیسلامی) نیە کە ئەو باسەی تێدا نەبێت! واتە چیرۆکی (عورەینەییەکان) بەشێکە لەم هەمو عیلمە ئایینیانە. جا ئەگەر مەلایەك هەبێت ئاگای لە شتێکی وا نەبێت ئەوە چ مەلایەکە؟! ئەوە هەر مەلا نیە!

چیرۆکی عورەینەییەکان بەشێوەی حەدیسێك لە کەلەپوری ئیسلامیدا گێڕدراوەتەوە کە بە چەند شێوەیەك و لە چەند ڕێگەیەکەوە گەیشتوە، و لەو حەدیسانەیە کە بە (متفق علیه) ناو دەبرێن، واتە (بوخاری) و (موسلیم) ڕیوایەتیان کردوە، و بەپێی مەرجی هەردوکیان صەحیحە. حەدیسەکە بە پلەی یەك لە ئەنەسەوە دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە هەندێك صەحابیی تریشەوە هاتوە، وەکو جابیر و عائیشە. لێرەدا تەنها گێڕانەوەی بوخاری بەکاڵا دەکەینەوە: بوخاری لە (صەحیح) ـەکەیدا، کە لەناو موسوڵماناندا ناسراوە بە (أصح الکتب بعد کتاب الله) ناو دەبرێت، لە (٥) بابدا ئەو حەدیسە دەگێڕێتەوە، کە با مەلاکان سەرنج لە ناونیشان و ناوەڕۆکی ئەو (٥) بابە بدەن:

١. بابی (چیرۆکی عوکل و عورەینە) (باب قصه عکل وعرینه): بوخاری لەم بابەدا لە (ئەنەس) ـەوە لە دو ڕێگەوە (حەدیسی ژمارە ٤١٩٢ و ٤١٩٣) حەدیسەکە دەگێڕێتەوە: چەند کەسێك لە خێڵی (عوکل) و (عورەینە) هاتن بۆ مەدینە بۆلای پێغەمبەر و موسوڵمان بون، پاشان وتیان ئێمە ئاژەڵدار بوین و هەوای شارمان پێ ناکەوێت، ئیتر پێغەمبەر ئاماژەی پێ دان بچن لە دەرەوەی مەدینە لە کۆمەڵێك وشتر سود ببین کە لەلای شوانێك بون، و ڕێنمایی کردن کە لە شیر و میزی ئەو وشترانە بخۆنەوە(!)، بەڵام ئەوان کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنە هەڵ گەڕانەوە و شوانەکەی ئەغەمبەریان کوشت و وشترەکانیان پێش خۆیان دا و هەڵ هاتن. پێغەمبەر ناردی بۆ پەیداکردنەوەیان، ئیتر هێنایانن، پێغەمبەر فەرمانی دا چاویان هەڵ کۆڵین و دەستیان بڕین و لە (حەرە) کە شوێنێکی بەرداویە لە دەرەوە مەدینە فڕێیان دان هەتا بەو شێوەیە مردن (فأمر بهم فسروا أعینهم وقطعوا أیدیهم وترکوا في ناحیة الحرة حتی ماتوا علی حالهم). بڕوانە: البخاري، الجامع المسند الصحیح المختصر من أمور رسول الله صلی الله علیه وسلم وسننه وأیامه. تحقیق: محمد زهیر بن ناصر الناصر. دار طوق النجاة، الطبعة ١، ١٤٢٢هـ. جـ. ٥، ص ص. ١٢٩، ١٣٠.

٢. بابی (ئەو بێباوەڕ و هەڵگەڕاوانەی دەجەنگێن) (باب المحاربین من أهل الکفر والردة وقول الله تعالی: إنما جزاء الذین یحاربون الله ورسوله ویسعون في الأرض فسادا...): دیسان بوخاری لەم بابەدا حەدیسەکە (ژمارە ٦٨٠٢) لە (ئەنەس) ـەوە دەگێڕێتەوە: ... فەرمانی پێ دان بچن لە وشتری زەکات سود ببینن و لە میز و شیرەکەیان بخۆنەوە، ئیتر تەندروستییان چاك بو و قەڵەو بونەوە، بەڵام هەڵ گەڕانەوە و شوانەکانیان کوشت و وشترەکانیان پێش خۆیان دا.. هێنایاننەوە، ئیتر دەست و قاچی بڕین و چاوی هەڵ کۆڵین و برینەکانیانی داخ نەکرد خوێنیان بگیرسێتەوە هەتا مردن (فقطع أیدیهم وأرجلهم وسمل أعینهم، ثم لم یحسمهم حتی ماتوا). بروانة: البخاري، جـ. ٨، ص. ١٦٢.

٣. بابی (پێغەمبەر برینی هەڵگەڕاوە جەنگاوەکانی داخ نەکردوە هەتا مردون) (باب: لم یحسم النبی صلی الله علیه وسلم المحاربین من أهل الرده حتی هلکوا): هەر لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە (ژمارە ٦٨٠٣) کە: پێغەمبەر پەلوپۆی عورەینەییەکانی بڕیوە و برینی داخ نەکردون خوێنیان بگیرسێت هەتا مردون (أن النبي صلی الله علیه وسلم قطع العرنیین ولم یحسمهم حتی ماتوا). بروانة: البخاري، جـ. ٨، ص ص. ١٦٢، ١٦٣.

٤. بابی (هەڵگەڕاوە جەنگاوەکان ئاویان نەدراوەتێ هەتا مردون) (باب: لم یسق المرتدون المحربون حتی ماتوا): بوخاری لەم بابەدا حەدیسەکە بە تێروتوسەی هەر لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە (ژمارە ٦٨٠٤): ... هێنایاننەوە، ئیتر فەرمانی دا چەند بزمارێکیان گەرم کرد و چاوی هەڵ کۆڵین و دەست و قاچی بڕین و برینەکانی داخ نەکردن، پاشان لە (حەرە) فڕێ دران داوای ئاویان دەکرد کەس ئاوی نەدانێ هەتا مردن (فأمر بمسامیر فأحمیت فکحلهم وقطع أیدیهم وأرجلهم وما حسمهم، ثم ألقوا في الحرة یستسقون فما سقوا حتی ماتوا). بڕوانە: البخاری، جـ. ٨، ص. ١٦٣.

٥. بابی (چاو هەڵ کۆڵینی جەنگاوەکان لەلایەن پێغەمبەرەوە) (باب سمر النبی صلی الله علیه وسلم أعین المحاربین): جارێکی تر بوخاری هەر لە ئەنەسەوە لەم بابەدا حەدیسەکە دەگێڕێتەوە (ژمارە ٦٨٠٥): ... ئیتر دەست و قاچی بڕین و چاوی هەڵ کۆڵین و لە (حەرە) فڕێ دران، داوای ئاویان دەکرد و کەس ئاوی نەدەدانێ (فقطع أیدیهم وأرجلهم وسمر أعینهم، فألقوا بالحرة یستسقون فلا یسقون). بڕوانە: البخاری، جـ. ٨، ص. ١٦٣.

جگە لە بوخاری، (موسلیم) و (حاکیم) و (ئیبن حیبان) و (تیرمیذی) و (ئەبو داوود) و (نەسائی) و (ئەحمەد) و (بەیهەقی) و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە.. کە لێرەدا بەپێویستم نەزانی لەم بوارە کەمەدا شێوازی گێڕانەوەی ئەمانیش یەکاڵا بکەمەوە. هەروەها (ئیبن مەردەویە) یش هەمو ڕێگەکانی کۆکردوەتەوە و بایەخی تایبەتیی پێ داوە. لە هەندێك گێڕانەوەیشدا ئەنەس باسی ئەو دیمەنەیشی کردوە کە ئەو پەلوپۆ بڕاوانە هەیانبوە لە عەزرەتی تینوێتیدا دەمیان لە خاك‌وخۆڵ وەرداوە و بەم شێوەیە ماوەتەوە تا مردوە. هەروەها لە هەندێك گێڕانەوەیشدا ئەوە باس کراوە کە ئەوانە سەرەتا وەرگیان ئاوساوە (دەڵێن توشی هەڵ ئاوسانی سپڵ بون) ، و پێغەمبەریش چارەی ئەوەی بۆ داناون کە میزی حوشترەکان بخۆنەوە، ئیتر ورگیان نیشتوەتەوە و چاك بونەتەوە(!) (ئێستەش لە سەعودیە تاقیگەیەکیان دامەزراندوە بۆ دەرهێنانی ماددەیەك لە میزی وشتر کە گوایە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیە دەرمانە!! هەزار سڵاو لە گیانی پاکی فەرەج فۆدە کە شارستانێتیی عەرەبیی ناو نابو "شارستانێتیی میزی وشتر"!!).

ئەمە لە کتێبەکانی حەدیس. لە کەلەپوری تەفسیریشدا بە هەمان شێوە دەنگوباسەکە هاتوە: ئایەتی (إنما جزاء الذین یحاربون الله ورسوله ویسعون في الأرض فسادا أن یقتلوا أو یصلبوا أو تقطع ایدیهم وأرجلهم من خلاف أو ینفوا من الأرض ذلك لهم خزي في الدنیا ولهم في الآخرة عذاب عظیم) (المائدة: ٣٣)، کە حوکمی ئیسلام ڕون دەکاتەوە دەربارەی ئەوانەی دژی ئیسلام جەنگاون یان خراپەکاری و چەتەیی دەکەن، بەپێی بیروڕای زۆرینە (الجمهور) دەربارەی (عورەینەییەکان) هاتوە و ئەوە (هۆکاری هاتنەخوارەوە) کەیەتی.. بۆ نمونە: تەبەری هەر لە ئەنەسەوە دو ڕیوایەت دەگێڕێتەوە (ژمارە ١١٨٠٨ و ١١٨٠٩) کە لە گێڕانەوەکانی بوخاریەوە نزیکن و هەمان واتا دەبەخشن، هەروەها ڕیوایەتێکیش لە (سەعیدی کوری جوبەیر) ەوە دەگێڕێتەوە (ژمارە ١١٨١٠) کە لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: هێنایاننەوە بۆلای پێغەمبەر، ئیتر ئایەتی (إنما جزاء الذین یحاربون الله ورسوله ویسعون في الأرض فسادا) لەسەریان دابەزی (کە ئەم دەقەیش هەر سزای کوشتن و هەڵ واسین و بڕینی دەست‌وقاچ ڕاست‌وچەپ و دورخستنەوە دادەنێت بۆ ئەوانەی دژی ئیسلام دەجەنگن یان چەتەیی و ڕێگری دەکەن)، ئینجا دەڵێت: پێغەمبەر هەندێکی کوشتن، هەندێکی هەڵ واسین، پەلوپۆی هەندێکیشی بڕی و چاوی هەڵ کۆڵین. دەڵێت: نە پێش ئەوە و نە دوای ئەوە پێغەمبەر جەستەی نەشێواندوە و دواتر جەستەشێواندنی قەدەغە کردوە. ئیتر ئەنەس وای دەوت، بەڵام ئەوەیشی وتوە کە پێغەمبەر دوای کوشتنیان سوتاندویشنی. بروانە: الطبري، جامع البیان في تأویل القرآن. تحقیق: أحمد محمد شاکر. مؤسسة الرسالة، ٢٠٠٠. جـ. ١٠، ص ص. ٢٤٤ ـ ٢٤٦. هەروەها هەمو تەفسیرەکانی تر لە ڕاڤەی ئەو دەقەدا (المائدە: ٣٣) ئاماژە بۆ دەنگوباسەکە دەکەن، تەنها بۆ نمونە بڕوانە: ابن عطیة، المحرر الوجیز في تفسیر الکتاب العزیز. تحقیق: عبد السلام عبد الشافي محمد. دار الکتب العلمیة، لبنان، الطبعة ١، ١٩٩٣. جـ. ٣، ص ص. ١٨٣ ـ ١٨٥. القرطبي، الجامع لأحکام القرآن. تحقیق: هشام سمیر البخاري. دار عالم الکتب، الریاض، ٢٠٠٣. جـ. ٦، ص. ١٤٨. ابن کثیر، تفسیر القرآن العظیم. تحقیق: سامي بن محمد سلامة. دار طیبة للنشر والتوزیع، الطبعة ٢، ١٩٩٩. جـ. ٣، ص ص. ٩٥ ـ ٩٩.

ئەمە لە کەلەپوری تەفسیریش. بێ گومان لە هەمو کتێبەکانی (ئەسباب نوزول) یشدا دەنگوباسەکە لە باسی دەقی (إنما جزاء الذین یحاربون الله ورسوله..) دا باس دەکرێت، بۆ نمونە: بڕوانە (أسباب النزول) ی (الواحدی) لەسەر دەقی (المائدە: ٣٣)، کە واحیدییش بە سەنەدی خۆی دەیگێڕێتەوە.

هەروەها هەر کتێبێکی تێروتەسەلی (سیرە) واتە (ژیاننامەی پێغەمبەر) تەماشا بکرێت ئەو دەنگوباسەی تێدا دەبینرێتەوە، بەتایبەتی کتێبە کۆنەکان، نەك تازەکان کە هەندێك شت دەشارنەوە یان کاڵی دەکەنەوە. تەنها بۆ نمونە بڕوانە: ابن هشام، السیرة لنبویة. جـ. ٢، ص. ٦٤١: قتل البجلیین وتنکیل الرسول بهم. ابن کثیر، السیرة النبویة. تحقیق: مصطفی عبد الواحد. دار المعرفة، بیروت، ١٩٧٦. جـ. ٣، ص ص. ٣٤٠، ٣٤١.

هەروەها لە سەرچاوەکانی مێژوی ئیسلامییشدا، ئەوانەی لە سەردەمی پێغەمەریش دەدوێن، ئاماژە بۆ ئەو دەنگوباسە دەکرێت، بۆ نمونە بڕوانە: ابن سعد، الطبقات الکبری. تحقیق: إحسان عباس. دار صادر، بیروت، الطبعة ١، ١٩٦٨. جـ. ٢، ص. ٩٣: سریة کرز بن جابر الفهري إلی العرنیین. ابن کثیر، البدایة والنهایة. تحقیق: علي شیري. دار إحیاء التراث العربي. جـ. ٤، ص ص. ٢٠٤، ٢٠٥.

هەتاکو لە کتێبە فیقهیەکانیشدا لە باسی حوکمی (چەتەیی) و (جەستەشێواندن) و (پاکی و دروستیی بەکارهێنانی میزی حوشتر بۆ دەرمان) دا، ئەو دەنگوباسە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین هەمو سەرچاوە ئیسلامیەکان، بەتایبەتی سەرچاوە ڕەسەن و کۆنەکان، ئاماژەیان بۆ ئەم دەنگوباسی (پەلوپۆ بڕین و چاو هەڵ کۆڵین) ی پێغەمبەر کردوە. تەنها لەبەر نەبونی بوار ئاماژەم بۆ ئەو هەندە سەرچاوەیە کرد (کە پێم وایە تەنها حەدیسەکانی بوخاری بەسن)، ئەگەرنا دەتوانم لیستی سەرچاوەکانی ئەم دەنگوباسە بگەیەنمە هەزار، نەك تەنها یەك سەرچاوە کە مەلاکان داوای دەکەن و تەحەددیی منی پێ دەکەن. کاتێکیش مەلاکان بێئاگایی خۆیان لەم دەنگوباسە ڕادەگەیەنن، یان خۆیانی لێ گێل دەکەن، کە ئەمەش فێڵێکی سوکە لە خەڵك، یان بە ڕاستی ئاگاییان لێی نیە (کە ئەم ئەگەرەیان بەهێزترە)، ئەمەش مانای وایە بەداخەوە مشتومڕی ئێمە لەگەڵ کەسانێکی خوێندەوار و شارەزادا نیە، ئەگەرنا شارەزا لە کەلەپوری ئیسلامی هەر کە وترا (عورەینەییەکان) ئیتر دەزانێت یانی چی و چ گوبەند و هەرا و بێنەوبەرەیەکی لەسەرە.

لەو کاری (پەلوپۆ بڕین و چاو هەڵ کۆڵین) ەی پێغەمەردا، چەند نەشیاوی و ناقۆڵاییەك هەیە کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان بۆ بکەین:

١. جەستەی ئەو کەسانەی شێواندوە. کە دواتر لەمە پەشیمان بوەتەوە و ئەو کارەی قەدەغە کردوە.

٢. ئازارێکی جەستەیی لەڕادەبەدەری داون، کە ئەمە ئاشکرایە، بەشێوەیەك لە کوشتنێکی یاسایی دەردەچێت.

٣. ئاوی لێ مەنع کردون، کە ئەمە لە هیچ داب‌ونەریتێکدا ڕەوا نیە، بە هەندێك بڕگەی داب‌ونەریتی ئیسڵامییشەوە.

بێ گومان هەر لە کۆنەوە ئەم کارە کێشە و گرفتی بۆ بیری ئیسلامی دروست کردوە. لە کەلەپوری ئیسلامیدا بە چەند شتێك پاساو بۆ ئەو کارە دەهێنرێتەوە: ئەوانە هەڵگەڕاوە بون دوای ئەوەی موسوڵمان بون. ئینجا ئەمانە هەڵگەڕاوەی جەنگاو بون، کە دژی ئیسلام جەنگاون، کە ئیسلام ڕێگەی بە خۆی داوە بە هەمو شێوازێکی لەناوبردن ڕوبەڕویان ببێتەوە. ئینجا ئەمانە بێوەفاییان کردوە. لە هەموی قورستر شوانەکەیان کوشتوە. بەپێی ئەمە کوشتنەوەیان ڕەوا بوە، مادەم هەمویان دەستیان هەبوە لە کوشتنی شوانەکەدا و لەو خراپەکاریەدا. بەڵام هێشتا ئەمانە نابنە پاساوی ئەو ئازاردانە لەڕادەبەدەرە و ئەو جەستەشێواندنە. بۆیە لە کەلەپوری ئیسلامیدا پاساوێکی تر ساز کراوە کە بەشێوەی گێڕانەوەیەك لای (موسلیم) یش هاتوە، کە گوایە ئەوانیش پێشتر جەستەی شوانەکەیان شێواندوە و چقڵیان کردوە بە چاویدا، هەندێك گێڕانەوەی تریش دەڵێن گوایە ئەوانیش دەست و قاچی شوانەکەیان بڕیوە. هەندێك گێڕانەوەیش ئاماژە بۆ چەند شوانێك دەکەن بەکۆ. بەڵام ئەم گێڕانەوانە زیاتر لە پاساو دەچن، چونکە لە گێڕانەوە بنەڕەتیەکەی (بوخاری) و (موسلیم) دا شوێنەواریان نیە و تەنها ئەوەندە دەڵێت کە شوانەکەیان کوشتوە، شوانەکەش ناوی (یەسار) بوە و پێشتر کۆیلەی پێغەمبەر بوە، گێڕانەوە بنەڕەتیەکەش باسی چقڵی چاوەکەی تێدا نیە. لەلایەکی تریشەوە وا دەردەکەوێت کە پێغەمبەر لە جەستەشێواندنەکە پەشیمان بوبێت، بەمەدا دیارە کە مەسەلەکە تۆڵەی تاوانێکی هاوشێوە نەبوە کە ئەوە لە بەرامبەریدا کرابێت. ئەم پاساوەی کە پشت بەو گێڕانەوانە دەبەستێت کە دەڵێن عورەینەییەکان کارێکی وەهایان بە شوانەکە کردوە، تەنها یەکێکە لەو دو چارەسەرە ئیسلامیەی کە کراوە بۆ مەسەلەکە. چارەسەرەکەی تر ئەوەیە کە ئەو کارەی پێغەمبەر دواتر حوکمەکەی نەسخ کراوەتەوە بە دەقی (إنما جزاء الذین یحاربون الله ورسوله..) کە ناڕاستەوخۆ (لەڕێگەی حوکمی بەدیلەوە) جەستەشێواندن (وەکو چاو هەڵ کۆڵین) قەدەغە دەکات (بۆ نمونە بڕوانە: ابن کپیر، التفسیر. جـ. ٣، ص. ٩٩) (و گوایە ئەمە نمونەی نەسخی سوننەتە بە کیتاب!). ئەم چارەسەرەی دوەمیان داننانە بەوەدا کە کارەکە کارێکی هەڵە بوە و پێویستی کردوە کە بە دەقێکی قورئان ڕاست بکرێتەوە. ئینجا مادەم چارەسەرە ئیسلامیەکە لەنێوان دو ئەگەردا دابەش بوە، کەواتە ئەو گێڕانەوانەی کە دەڵێن عورەینەییەکانیش جەستەی شوانەکەیان شێواندوە، تەنها پاساون و بەشێکن لە هەوڵی پینەوپەڕۆی ئەو کارە هەڵەیە لە کەلەپوری ئیسلامیدا.

تێبینی:

لە بەشی پێشودا، لا. ١٥ (درێژە)، ستونی (٣)، دێڕی (١٠ ـ ١٢)، تێکەڵبونێك ڕوی داوە لە ناوی (موغیرەی کوڕی شوعبە) دا، کە نوسراوە: "گەورەکەی (وەلید) ی کوڕی موغیرە)" پاشان "(وەلید) ی ناوبراو".. ڕاستەکەی: "گەورەکەی (موغیرەی کوڕی شوعبە)" پاشان "(موغیرە) ی ناوبراو". تکایە با خوێنەر لای خۆی ڕاستی بکاتەوە.

بینین

♦ دڵسۆز حەمە

ئایین وگفتوگۆ

ئەوەی ئایینەکان لە هەر ئیدۆلۆژیەکانی دی تر جیادەکاتەوە ، لە پلەی یەکەمدا سروشتی نەگۆڕی دەق و پێگە و دەسەڵاتی دەقەکانە لە قۆلایی فەرهەنگ وژیانی کۆمەڵایەتیدا ، ئەو دەقانەی کە جێگیر و نەگۆڕ و پیرۆزیان دەچێتە سەروی هەر پرسیارێکەوە ،بەڵکو پرسیارکردن لەو دەقانەی کە ئیلاهی و پیرۆزیان لەسەروی پیرۆزیی وبەهای هەر بونیاد وزانستێکی ترەوەیە لە ژیاندا ، مانای گناوە وئاکتێکی نەشیاوە ، پرسیار کردن لە ڕاستی ڕەها ،لە پێدراوێکی ئیلاهی ،لە دەقێك کە بۆمرۆڤ بەرهەمهاتوە هەتا ملکەچیی بکات ژیانی پێبەڕێوەبچێت و ژیانی ڕیکبخات ، کە ئەمە دەکاتە پلەی دووەم ، کە ئەویش پێگەو جێکەوتەی قوڵی ئایین ودرێژبونەوەی ڕەگوڕیشەی ئایینە بەناو فەرهەنگی کۆمەڵایەتی وکەلتوری کۆمەڵگادا ، درێژبونەوە وڕەگداکوتان بەناو پێکهاتەی سایکۆلۆژی وئینسانی کۆمەڵگایەکدا ،کە هێندە تێکەڵی بونیادی سایکۆلۆژی و فەرهەنگیمان دەبێتەوە بەهێزتر لەهەر ئایدۆلۆژیەکی دی دەبێتە بەشێك لە فەرهەنگی میژویی وئینسانی کۆمەڵگا ،ئەمەش لەدواجاردا ئامانجی هەرپەیام وئیدۆلۆژیەکە لە دونیادا ،ئەگەر دەقەکان ئیلاەی ونەگۆڕ و پیرۆز و بونیادێکی میتافیزیکین وسەروی دەسەڵاتی مرۆڤ وتوانایی مرۆڤ وبیرکردنەوەی مرۆڤ بن ، ئەوا ژیان و مێژوی سۆسۆلۆژی و هەمو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی ومیژوییانەی کۆمەڵگایەك یان کۆمەڵگاکان پێکدهێنێت لە گۆڕانی بەرەوامدان ، بونیادەکانی وەکو خێزان وکۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی ناوخودی کۆمەڵگا ، چەمکەکانی وەکو عەدالەت و ئازادی و سێکس و دەوڵەت و نەتەوە و پێکەوەژیان وتەنانەت چەمکە زانستیەکانی وەکو خێزان ودروستکردنی منداڵ و کۆپیکردنی مرۆڤ و وەرگرتنی سپێرم لە بانك ولابۆرە پزیشکیەکاندا ،ئەمانە هەمو ئەو گۆڕانانەن کە بەردەوام لە ڕوداندایە ، ئەگەر دەقەکان هەڵگری پەیامی ئەخلاقی و ئینسانی و عەدالەت و بەرهەمهێنانی مرۆڤێکە پڕاوپڕ لە نەزاهەت وپاکی و ڕەوشتبەرزی وعەدالەتخوازی،ئەوا وەختێك سەردەمێك دێتەپێش ئەو چەمکانە وپێکهاتەکانی دەگۆڕێن ، چۆن ئایین دەتوانێت وەڵامەکانی خۆی ،ئەو گۆڕانە زۆرانە لە دونیای دەقە پیرۆزەکاندا جێبکاتەوە ، ئەمە جەوهەری ئەو پرسیارە میژوییە بو کە (د. نەسرحامد ئەبو زەید)یان لە میسر شاربەدەرکرد ،بەدوای ئەویشدا دەیانی تر کە دەخوازن گفتوگۆ وگۆڕان نەك لە دونیای دەقەکاندا بەڵکو لە دونیای دەرەوەی دەقەکاندا بەرهەم بێت لە ئیسلامدا ،ڕەگەزی مێژو لەو پایە گرنگانەیە کە لە هەڵسەنگاندن ودنیابینی دەقەکاندا دەبێت لە بەرچاو بگیرێت ،ئەو خاڵەی کە بزوتنەوە ئایینیە توندڕەوەکان بەتەواوی بەرەنگاری دەبنەوەو ،ئەمە واقیعێکی ئیرهابیی بەرهەمهێناوە پڕی هەڕەشەو سەرکوت وتۆقاندن وهەوڵی بێسنوری بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی دەیان وسەدان نوسەر وشاعیر ورۆژنامەنوس و کەسانی فیکر و زانست بە بیانوی شێوانی ئیسلام و تەنانەت تەکفیر و زەندەقە ،ئەم ڕەوشەی ترس و تۆقانی نوسەران و داخستنی هەرجۆرە پانتاییەکی پرسیار و ڕای جیاواز لە دونیای ئیسلامدا ئەمڕۆ لە دیاردە ترسناکەکانی داخران و ئیرهابی فیکر و بەرهەمهێنانی ڕەوشەنبیریە لە دونیای ئیسلامدا ، ئەم ڕەوتە توند و تاکڕەهەندە لە وڵاتانی عەرەبدا بەجۆرێك هێزو دەسەڵاتی خۆی پەیداکردوە کە توانیویەتی چەندان نوسەر شاربەدەربکات ،بەرنامەو سیاسەتی میدیاکان بگۆڕێت ،دەستی بگاتە بەهاو پێگەی کاراکتەر و ڕۆشەنبیرە گەورەکانی وەکو نەجیب مەحفوز و گاڵتەکردن بە مەرگ و بەهای شاعیرێکی گەورەی وەکو مەحمود دەرویش ، بەڵکو واقیعی ڕوناکبیری وفەرهەنگی دونیای عەرەب وئیسلام ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری ترسناکی ئیرهابی فیکر وهەڕەشەی نەهێشتنی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی پرسیاردا درێژکراوەی هەژاری شارستانی و ڕوناکبیری و ئەو واقیعەئابوری و سیاسیە داڕوخاوەیە کە ئەوکۆمەڵگایانە تێیدا دەژین ، ئەم واقیعە لەدواجاردا دریژدەبێتەوە ناو کوردستان ودونیای ڕوناکبیری ئێمەش ، کە هەروەکو تێکەڵاوبونمان بە ئایین و فەرهەنگەکانی دی خاڵی بون لەهەرجۆرە بەرگری و پرسیارێکی مەعریفی و مێژویی ،هەمان شت لەمڕۆدا بەرخوردی بزوتنەوە ئایینیەکان لەگەڵ دونیای ڕوناکبیری و ڕایە جیاوازەکاندا ، هەمان بەرخوردی فەرهەنگی ترس و تۆقان وهەڕەشەی دونیای عەرەبە ، کە پانتایی بۆ گفتوگۆ ودەنگی ئەوی دی بە هەمو ئامڕازەکان لەناودەبات ، یەکێك لەهۆیەکانی ئەو دۆخە دواکەوتویی ونزمی ئاستی هۆشیاری ئەو فیگەرانەن کە لە بزوتنەوەی ئایینی لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیادەدەکەن ،کە نەك لە چەمکی ئایین وپەیامی ئەخلاقی ئایین و پێگەی مێژویی ئایین ومرۆڤ حاڵی نین ،بەڵکو زیاتر پەیوەندیەکی سۆزداری وترادیشناڵ لەهەلومەرجێکی جیهانیی وەکو ئێستادا گرێی داوەتەوە بەئایینەوە ، نەك عەقڵ وگەڕان لەدوی عەشقی زاهیدانە وجاویدانەی خودایەك کە مرۆڤ دەکاتە زاهیدێکی موتڵەق ، بگرە بزوتنەوە ئایینیەکان لەمڕۆدا وەکو هەر بزوتنەوەکانی دی کاراکتەرێکی ئەتنیکی ، گروپگەرای بەرژەوەندئامێز و سازشکارانەی هەیە ،کە لەدواجاردا تێکەڵە بەو واقیعە سیاسی و فەرهەنگیەی کە ئەمڕۆ ئاکتوێلە و بەشێکە لەو وێرانە دیموکراتیەی کۆمەڵگای تێدا دەژی ، بەلام وەختێك دێتەسەر پرسیاری ڕوناکبیرێك ،قسەکردن لە پەڕاوێزی مێژوی دیاردەیەکی ئایینی ، نوسینی ڕستەیەك بۆگەڕان و پرسیار و پشکنین ،دەنگێك دەیەوێت پرسیار بکات ، کاراکتەرێکی مێژویی ئیسلام دەخرێتەژێر لێکۆڵینەوە ،مینبەرەکان دەکەونە ه